# گوندێکمان خاپور٠٠٠٠٠گوندێکمان بەعەرەبکراو!

کاوێز مەلا پەروێز

هەموومەخلوقێکی پەروەردگار لایەنی نێگتیف وپۆزەتیفی هەیە، سەدام حوسێن وەکو مەخلوقێکی درندە من شوناسی دەکەم، بەلام لایەنی پۆزەتیفی هەن کەعەرەبی شۆڤێنی شانازی پێوە بکات، بۆ عەرەب سەدام لەماوەی دەسەلاتی حکومدارێتی خزمەتی کردوون، منیش دەمەوێ لەسەر ئەو لایەنەی بدوێم کە سیاسەتی شۆڤێنی بەعس تارادەیەك ئامانجیان پێکا لە بەعەرەبکردنی خاکی کوردستان وداگیرکردنی خاکی کوردان ئەوتێزە دیچوێنم بە خزمەت بۆعەرەب وهەرەشەی لەناوبردنی کوردان٠

لەکۆتایی ئەم بابەتە بەسێ (٣) خاڵ دیسلمێنم کە ئەوان بەعسیەکان ئامانجیان چۆن پێکاوە،

لێم روون نیە سەرکردایەتی کورد تا چەند نەتەوە پەروەرن بەکردار نەك بەلێدوانی پشت مێز؟بەلکو رەوای حەقە سەرکردایەتی کورد خاکی ونیشتێمانی بێت،

نەك شەرم کردن بۆگەیاندنی‌داوا رەواکانی گەلەکەی بە گەورەبریار بەدەستانی دونیا تەنێ لەبەر ئەوەی خۆ بگونجێنی لەگەل سیاسەتی ئەوان؟یان ئەوەی هەیە لەژێر دەستی دەرنەهێنن ؟

ئەوەی لای من روونە کورد بەکورد بۆ داگیرکردنی خاکی کوردان یان بەخشینی زۆرداران سەرکردەی لێبوردەوهەلکەوتوومان هەبوەو هەیە ،مێژوویەکی درێژمان لەم بابەتە جێهێشتوە ٠٠٠!

بەلام راستی باسەکەی من لەسەر ناوچە بە عەرەبکراوەکانە بە تایبەت گوندەکەی باو پاپیرانم (مەتیق) وگوندەکەی داوپا پیرانم) ئیدریس) ،

وەکو دەرکراوانی تر چاومان لەگەرانەوەیە لێ ئەو گەرانەوەیە نا کە بەگوێرەی بەرنامەی پارتەکان و بە پرۆگرام وتەسکیە، لەبەر ئەوە ناوی بەرنامەی پارتەکانم برد تا ئیستا لەم سنورەی من ئەوەندەی کە کەرکوکی بناسم تەنها ئەوەندەلە زاری بەرپرسانی سنورەکە بیستراوە کە دەبێت خەلك بە بەرنامە برواتەوە ئەمەریکا رێگا نادات هەرکەس بۆ خۆی برواتە سەر زێدی خۆی لە ناوچەکانی کەرکوك وموسل ؟

گوتەی لەجۆرە دەمانخاتە گومانەوە؟

گەیشتمە کۆتایی ودەبێت بەلێنم بەجێ بەهێنم سەبارەت بە پێکانی ئامانجی بەعس لەبەعەرەبکردنی ناوچەکوردیەکان بەم شێوەیە:

-1تائێستا هیچ هاندانێك بۆگەرانەوەی دەرکراوان نەبوە لەلایەن پارتەکانی کوردستانەوە وە رێکخستنیان لە دیدگای نەتەوەی نەك بۆئامانجی تەسکی حزبی؟!

-2خەلکێکی زۆری کەرکوکی لەدەرەوەی وولاتە٠

-3ئەوەی کەزۆر گرنگە دادگایی کردنی ئەو سەرەك عەشیرەتە کوردانەی کەراستەو خۆ دەستیان لەبەعەرەبکردنی خاکی کوردان هەبوە، ئەمەش زۆر ئەستەمە چونکی پێش شەری ئازادی ئێراق سەرۆك خێلەکان بەتایبەت بەناو سەرۆك خێلی عەشرەتی من لەکوردستان بووئەو پیاوەی کە هەزارانی کوردی وەکو منی دەردەکردو سید الرئس بەدیاری عەبای پێ دەبەخشی !

گومان دەکەم ئەگەر پارتەکانی کوردیش جامانەی پێنەبەخشن ودیوەخانەی بۆبەرێوەنەبەن؟!

بۆیە ئەو هۆکارانە وادەکات زۆر کەس نەگەرێتەوە بۆسەرزێدی٠٠٠ بەمەش بەشێك گەربچوکیش بێت لەبەرنامەی بۆگەنی فاشستی بەعس وسەدام ئامانجیان پێکا ٠

ئەگەر سیاسەتی پارتەکان گۆرانی بەسەردانەیەت ومۆدیلی حزبایەتی سەرەوژێر نەبێت لەداهاتوو روونتر گوێمان لەگلەوگازەندەی زیدەتر دەبێت.

k_mlaprwez@yahoo.com

تێبنی \

گوندی مەتیق سەر شارۆچکەی داقوقە (تاوغ) .

گوندی ئیدرس سەربەشارۆچکەی دوبسە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت